www.kurdistannet.org
20-10-2006 10:18بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

## رونكردنەوەی ناوەندی چاك بۆ خێزان و كەسوكاری ئەنفالكراوانی گەرمیان

لە بەرواری 2006/10/10دا، ناوەندی چاك راگەیاندنێكی سەبارەت بە هێنانەوەی تەرمی ئەنفالكراوەكانی گۆڕی بە كۆمەڵی حەزەر بڵاوكردەوە، كە بە پێی گۆتەی سەرچاوەیەك لە (لێژنەی گۆڕەبە كۆمەڵەكان) كە بۆ رۆژنامەی خەبات ژمارە 2290 بەرواری 8ی تشرینی یەكەمی 2006 ی ئاشكرا كردووە، سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان فەرمانی داوە بە هێنانەوەی تەرمەكانی گۆڕی بە كۆمەڵی حەزەر، ئێمەش وێڕای دەستخۆشی لەو هەنگاوە، كە ساڵەهایە خێزان و كەسوكاری ئەنفالكراوانی گەلەكەمان بە پەرۆشەوە لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی تەرمی رۆڵەكانیانن، هەروا لەو راگەیاندنە هەڵویستی خۆمان خستۆتە روو، گوتومانە (لە دەرهێنان، ناسینەوە و گواستنەوەی ئەو تەرمانە و گەیشتنەوە دەست خێزان و كەسوكاریان، وردەكاری و شارەزایی زۆری گەرەكە)

چونكە ئەمرۆ كێشەی گۆڕی ونبوو بێسەرو شوێنانلەسەر ئاستی نێونەتەوەیی بایەخی زۆری پێدەدری و بە وردی و ترسەوە دەستیان لێدەدرێت، وەك مەتریالێكی پیرۆز هەڵسوكەوت لەگەڵ ئێسكو پروسك و پارچەكانیان دەكرێت، هەروا مافێكی رەوای خاوەنەكانیشیانە كە تەرمی قوربانییەكانی خۆیان بناسنەوە و لە زێدی خۆیان و بە پێی دابونەریت بە خاكیان بسپێرن.

هەر لەو راگەیاندنەدە، وێڕای ئامادەیی خۆمان بۆ كاركردن و كاری پێكەوەیی بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەركە نیشتمانی و مرۆییە، داوامانكردووە لە هەر هەنگاوو پێكهێنانی لێژنەیەك بۆ ئەو مەبەستە خێزان و كەسوكاری قوربانییەكان و رێكخراوو كۆمەڵەكانی ئەنفالكراوان بەشداری پێبكەن، لە لایەكی دیكەشەوە داوامان لە گشت ئاژانسەكانی سەر بە نەتەوە یەكگرتوەكان بە تایبەتی بەشی مافی مرۆڤ (یۆنامی) و مرۆڤدۆستان كردووە هاوكاریمان بكەن.

لەو راگەیاندنەی چاك بە هیچ جۆرێك باس لە دروستكردنی مینۆمینتی ئەنفاكراوانی گەلەكەمان لە پارێزگای هەولێر نەكراوە، ئەگەر باس بێتە سەر دروستكردنی مێنومێنت بۆ ئەنفالكراوانی گەلەكەمان، ناوەندی چاك باش ئەو راستییە دەزانی، كە قورسایی شاڵاوەكانی ئەنفال لە گەرمیانە، ئەوەش راستییەكە كەس ناتوانی نكۆلی لی بكات، چونكە ئەوە بەر لەوەی پرسی سیاسی گەلەكەمان بی، پرسێكی كۆمەڵایەتی و مرۆیی كەسوكاری ئەنفالكراوانە، بۆیە نابێ بخرێتە نێو چوارچیوەی سیاسییەوە.

ناوەندی چاك ـ كوردستان
هەولێر 15/ 10 / 2006